


### دەوڵەتێکی دیفاکتۆی بچووک و سەرۆکێکی مەزن

# چیتر دروستبوونی
# دەوڵەتی کوردستان
# لەدەرەوەی ئەگەرەکان نییە




ئەوە ئێمەی هاونیشتمانی کوردستان نین لەروانگەی سۆز و خۆشەویستیەوە سەرۆک بارزانی وەک سەرۆک کۆماری دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان سەیر دەکەین، بەڵکو ئەوە پەنێڵەکانی کۆڕبەندی داڤۆسە، بارزانی وەک سەرۆکێکی گەورە هاوشانی یاریزانە گەورەکانی ناو سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بانگێهێشت دەکات و لەسەر ئایندەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆچوونەکانی وەردەگرێت، ئەوە ئێمەی هاونیشتمانی کوردستان نین کە دەڵێین دەوڵەتەکەی بارزانی بەشێوەیەکی سەربەخۆ مامەڵە لەگەڵ هاوکێشە ئاڵۆز و گۆڕاوەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات و لەروانگەی بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستانەوە هاوکێشە سیاسییەکان دەخوێنێتەوە، بەڵکو ئەوە پرسیاری کۆڕبەندی داڤۆسە کە پرسیار لەسەرۆکی دەوڵەتی کوردستان دەکەن، ئێوە وەک قەوارەیەکی سیاسی بچووک چۆن توانیووتانە هەڵوێستان لە تورکیا و ئیران و عێراق جیاواز بێت و چۆن نەکەوتوونە ژێر گوشاری ئەو دەوڵەتانە بە تایبەتی عێراق و ئێران کە لەسەر مەسەلەی سوریا هەڵوێستیان لە کوردستان جیاوازە؟ ئەوە پەرلەمانتارانی کوردستان نین پێمان بڵێن بارزانی پێی گووتین دەوڵەتی کوردستان لەدەرەوەی ئەگەرەکان سەیر ناکرێت، بەڵکو ئەوە خاتوو ئانا گۆمیزی پەرلەمانتاری ئەورووپا و ئەندامی شاندی عێراق و ئامادەبووی کۆڕەکەی بارزانی لە برۆکسل، راستەوخۆ بە گوڵان رادەگەیەنێت: (بارزانی ویستی روونی بکاتەوە کە نابێت سەربەخۆبوونی کوردستان لە دەرەوەی ئەگەرەکان بێت، بەڵام ئەوە تەنها بە رێگای ئاشتیانە دێتەدی، ئەوەش بە مانای ئەنجامدانی گفتوگۆ دێت لەگەڵ هەموو لایەنەکانی ناوچەکە. روونە ئەوەش رێگایەکە بۆ ئەوەی ئەورووپیەکان گرنگی هەرێمی کوردستان لەبەرچاو بگرن، بارزانی ئەوەی پیشان داین کە هەموو بژاردەکان کراوەن)).




■ سەرۆک بارزانی لە پەرلەمانی ئەورووپا

## نەخشەی سایکس بیکۆ
## رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کردۆتە زۆنی تیرۆریستان

ریچارد هاس سەرۆکی پێشووی ستافی پلاندانانی سیاسەت لە وەزارەتی دەرەوە لە ئیدارەی دووەمی بیل کلینتۆن، رۆژی هەینی رابردوو بۆ پەنێڵێکی کۆڕبەندی داڤۆس بانگهێشت کرابوو، لە وتەیەکدا سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر سوریا راشکاوانە دانی بەراستیەکی گرنگدا داناو گووتی ئەمریکا هەوڵی زۆری داوە بۆ ئەوەی بتوانێت کاریگەری لەسەر رەوشی سوریا هەبێت، بەڵام هەوڵەکانی بێ بەرهەم بووە، ئەم قسەیەی ریچارد هاس مانایەکی قووڵی هەیە کە تیایدا راشکاوانە ئەوە بەرجەستەدەکاتەوە کە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چیدیکە ناتوانێت وەك پێشان بایەخ بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بدات و هاس ئەم راستیەی لە دوایین کتێبی خۆیدا کە لە کۆتایی ٢٠١٣ بە ناونیشانی (سیاسەتی دەرەوە لەناوخۆەوە دەست پێدەکات) ئاماژەی پێکردووە و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا تەنها بریتی نییە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەتا هەموو تواناکان بۆ ئەو ناوچەیە تەرخان بکرێت، بەڵکو پێویستە لەناو سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا هاوسەنگیەك هەبێت و بایەخ بە ناوچەکانی دیکەی جیهان بدرێت و ئەمەش بەوجۆرە بێت کە کاریگەری راستەوخۆی لەسەر سیاسەتی ناوخۆی وڵات نەبێت. کەواتە ریچارد هاس ئەوەی پێ گووتین ئەگەر ئەمریکا زیاتریش بایەخ بە کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بدات، هەوڵەکانی بەرهەمی نابێت، سەبارەت بەم لایەنە پرسیاری ئەوە دێتە ئاراوە بۆچی هەوڵەکانی ئەمریکا بەرهەمی نابێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارەمان لە موحازەرەیەکی دیپلۆماتکاری گەورەی ئەمریکی دینس رۆس دەست دەکەوێت کە لە ئیدارەی رۆناڵد ریگن و جۆرج بوش دەبلیوو، ئیدارەی کلینتۆن و جۆرج بوشی کوڕ، یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بووە بۆ سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دینس رۆس لەو موحازەرەیەدا کە لە ١٩ی ئابی ٢٠١٣ بە ناونیشانی (دیپلۆماتیەت و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست) لەزانکۆی شیکاگۆ پێشکەشی کردووە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کاتێك باسی دیپلۆماتیەت دەکەین، گرنگە ئەو ناوچەیە بناسین کە ئەو دیپلۆماتیەتەی بۆ دادەڕێژین، هەروەها گرنگە ئامانجەکانی خۆمان لەو دیپلۆماتیە دیاری بکەین، بۆیە ئێستا کە باسی دیپلۆماتیەت دەکەین بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرنگە نەخشەی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەرچاوی خۆمان وێنا بکەین، بزانین ئایا ئەم نەخشەیە بەرهەمی چیە؟ بێگومان ئەم نەخشەیە بەرهەمی رێککەوتنی سایکس – بیکۆیە بۆ دابەشکردنی ئەو ناوچەیە لەنێوان فەرەنسا و بەریتانیا، ئەم نەخشەیە بۆ ئەوە نییە دەوڵەتی سەربەخۆی بۆ نەتەوەکانی ئەو ناوچەیە دروست بکرێت، بەڵکو ئەو نەخشەیە دەسکەوتی

**ئێستا و دوای ئەوەی خەریکە بە تەواوەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێتە زۆنێکی گەورە بۆ تیرۆریستان، ئەمە مانای ئەوەیە چیتر جیهان ناتوانێت لەگەڵ ئەم نەخشە سەقەتەی سایکس - بیکۆ مامەڵەی دیپلۆماتیانە بکات**



■ سەرۆك بارزانی و راشد غەنوشی



■ سەرۆك بارزانی و بان كی موون



شەڕو دابەشـــكراوە و هیچ حساب بۆ جیاوازی ئەتنی و ئاینی و مەزهەبی نەكـــراوە، هەربۆیە كاتێك دەمانەوێت دیپلۆماتیەتێك بۆ ئەو ناوچەیە دابڕێژین هەست دەكەین ئەو دیپلۆماتیەتە بەرهەمی نابێت یان كار ناكات وەك ئەوەی ئێمە دەمانەوێت، كەواتە كێشـــەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بنەڕەتدا ئەوەیە كە نەخشـــەی دەوڵەتانی ئەو ناوچەیە ســـەقەتە، هەربۆیە دینس رۆس بۆ ئامادەبووانی زانكۆی شـــیكاگۆ ئاماژە بە فیلمی (لورنسی عەرەب) دەكات و دەڵێت ئومێد دەخوازم ئەو فیلمەتان بینیبێت، لەبەر ئەوەی توماس لورانس كە بۆ راســـتكردنەوەی نەخشەی سایكس ــبیكۆ، نەخشەیەكی دیكەی دروست كرد و تایبەتمەندی نەتەوەیـــی و ئایینی لە بەرچاو گرتبوو، ئەم نەخشـــەیە لە ســـاڵی ١٩١٩ پێشكەشی پەیماننامەی ئاشتی كرا لە فەرەنسا، ئەوكات ئەو نەخشەیە پەسەند نەكرا، بەپێی ئەو نەخشەیە بەشێك لە توركیا و ئێران و عێراقی ئێستا دەبووە دەوڵەتی كوردستان، بەشـــە شیعەكەی عێراق و كوەیت و بەحرەین دەبووە دەوڵەتێكی شیعە، بەشە سوننیەكەی عێراق لەگەڵ عەرەبســـتانی سعودی دەبووە دەوڵەتێكی عەرەبی سوننە .

رۆس لـــە درێـــژەی موحازەرەكەیدا كـــە چەند مانگێك لەمەوپێش پێشكەشـــی كردووە، ئاماژە بۆ ئەوە دەكات لە ســـاڵی ٢٠٠٨ و لەو كاتەی ئەمریكا ســـەرقاڵی ئەوەبوو هێزی زیاتر رەوانەی عێراق بكات، ئیدارەی جۆرج بۆشی



■ سەرۆك بارزانی و هانز فیشێر

**بیرکردنەوەی بەڕێز مسعود بارزانی بۆ هەڵوەشانەوەی سایکس بیکۆ، تەنها بیرکردنەوەیەک نەبووە کە زۆر لەمێژە نەوە دوای نەوە خەونی پێوە دەبینین، بەڵکو بیرکردنەوەی بارزانی بۆ هەڵوەشانەوەی ئەم نەخشە سەقەتە، بیرکردنەوە بووە لە میکانیزمێک بۆ چۆنیەتی پراکتیزەکردنی ئەم بیرکردنەوەیە**

کوڕ، پرسیاری ئەوەیان لێکردووە، ئایا لەم بارودۆخە دەکرێت سوود لە نەخشەکەی لۆرانسی عەرەب وەربگرین؟ ئەو دەڵێت بۆ ئەو کات پێم وتن، بۆ (٢٠٠٨) دەستکاری کردنی نەخشەی سایکس بیکۆ کێشەی زیاتر دروست دەکات، بەڵام ئەگەر ئێستا پرسیارم لێ بکەن (مەبەستی ١٩ی ئابی ٢٠١٣ـەیە) ئەوا دەڵێم بۆ ٢٠١٣ لۆژیکێکی زۆری تێدایە لەبەر ئەوەی دەوڵەتێك بە ناوی سوریا نامێنێت کە وەك سوریای ئێستا بێت، عێراق بەو شێوەیە بونیادنانرێتەوە کە ئێمە ئومێدی بۆ دەخوازین .(دەقی ئەم موحازەرەیە لە کتێبی دووەمی گوڵان لە مانگی مارت بڵاودەکرێتەوە).

ئەگەر لە بۆچوونەکانی (ریچارد هاس و دینس رۆس) ـەوە سەیری سیاسەتی دەرەوەی ئێستای ئەمریکا بەرامبەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین، هەست دەکەین ئەگەر بۆ ئەمریکا کە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ناوچەی نفوز و بەرژەوەندییەکانی خۆی دەزانێت، هەموو هەوڵە دیپلۆماتیەکانی بێ بەرهەم بێت، ئەوا بۆ چوار ئەندامە هەمیشەیەکەی دیکەی ئە نجوومەنی ئاسایش و یەکێتی ئەوروپاش هەموو هەوڵەکان بێ بەرهەم دەبن و لەمەش خراپتر ئەوەیە هەر هەوڵێك بدرێت زیاتر ناوچەکە رووبەڕووی ئاڵۆزی دەبێتەوە، باشتر زەمینە دەڕەخسێت بۆ ئەوەی ببێتە زۆنێکی گەورە بۆ تیرۆریستان و ئاشتی و ئاسایشی جیهان بخاتە مەترسیەوە، هەروەك چۆن ئێستا لە ئەنبارەوە هەتا سوریا و لوبنان و یەمەن و میسری هەتا ئسیوبیای گرتۆتەوە، لەم راستەوە مەسەلەکە لەوە گەورەترە نەخشە سەقەتەکەی سایکس - بیکۆ، وەك کێشەیەکی تایبەت بە نەتەوەیەك یان دەوڵەتێك سەیر بکرێت، بەڵکو ئەم نەخشە سەقەتە تەواوی ئەو بیرکردنەوانەی پێچەوانە کردۆتەوە کە چەند ساڵێك پێش ئێستا باسی (رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە) دەکرا و تیایدا ئاماژە بەوە ئەکرا بەوەی دەکرێت یەکێتیەکی هاوشێوەی یەکێتی ئەوروپا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست بێت و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببێتە هێزێکی گەورەی ئابووری لە جیهاندا، ئەوکات دەوڵەتان هەقی خۆیان بوو پێ لەسەر ئەوە دابگرن دەستکاری ئەو نەخشە سەقەتە نەکرێت، بەڵام ئێستا و دوای ئەوەی خەریکە بە تەواوەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێتە زۆنێکی گەورە بۆ تیرۆریستان لە ژێر سەرپەرشتی رێکخراوی ئەلقاعیدە و هەر دەوڵەتێك بەناوی خۆیەوە لقێکی ئەلقاعیدەی تێدا دروست دەکرێت، ئەمە مانای ئەوەیە چیتر جیهان ناتوانێت لەگەڵ ئەم نەخشە سەقەتە مامەڵەی دیپلۆماتیانە بکات.

**هەرێمی کوردستان**
**وێستگەی یەکەم بۆ هەڵوەشانەوەی سایکس بیکۆ**

لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٠ گوڵان لەبەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی پرسی: یەکێك لە ئومێدە گەورەکانی تۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان و بڕیاردانی مافی چارەنووسە، ئایا بارودۆخی نێودەوڵەتی بۆ ئەم جێبەجێکردنە گونجاوە؟ لەوەڵامدا سەرۆکی کوردستان پێی وتین من ئیمانم بەم مافی چارەنووس هەیە و نەتەوەی کورد هیچی لە نەتەوەکانی عەرەب و فارس و تورك لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەمتر نییە، بۆیە پشتیوان بەخوا ئەو رۆژە دێت کە نەتەوەی کورد ئەو مافەی خۆی پیادە بکات و بڕیاری چارەنووس بدات، بەڵام ئەمە دەبێت بە ئاشتی و دیالۆگ بێت نەك بەشەڕ و توندوتیژی.




■ سەرۆکی هەرێم لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی هۆڵەندا

کەواتە بیرکردنەوەی بەڕێز مسعود بارزانی بۆ هەڵوەشانەوەی سایکس بیکۆ، تەنها بیرکردنەوەیەك نەبووە کە زۆر لەمێژە نـــەوە دوای نەوە خەونی پێوە دەبینین، بەڵکو بیرکردنەوەی بارزانی بۆ هەڵوەشانەوەی ئەم نەخشە سەقەتە، بیرکردنەوە بووە لـــە میکانیزمێك بۆ چۆنیەتـــی پراکتیزەکردنی ئەم بیرکردنەوەیە، هەنگاوی یەکەمیشـــی بۆ هەڵوەشانەوەی نەخشەی سایکس بیکۆ، ئەو بڕیارە مێژووییە نیشتمانییە بـــوو کە لـــە کۆتایـــی نەوەدەکانی ســـەدەی رابردوو بۆ هەڵکردنـــی ئاڵای کوردســـتان بە شـــێوەیەکی فەرمی دەریکرد و پاشـــان پەرلەمانی کوردســـتان ئەو رۆژەی بە یاسا بەڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانی کردە فەرمی و ئێستا هەموو ساڵ هاونیشتمانیانی کوردستان لە دەرەوە و ناوەوە وەك رۆژێکی نیشتمانی ئەم رۆژە یاد دەکەنەوە. ســـەبارەت بەوەی ئایا ئەم هەنگاوە دەکرێت بە هەنگاوی یەکەم بۆ هەڵوەشـــانەوەی نەخشـــەی ســـایکس بیکۆ لە قەڵەم بدرێـــت؟ بۆ وەڵامی ئەم پرســـیارە گرنگە بزانین دوژمنانـــی کورد چۆن ســـەیری ئەم هەنـــگاوە دەکەن، نەك ئێمە لەروانگەی ســـۆزەوە وەڵامی بدەینەوە، لەمەش گرنگتر لەسەر قســـەی ئەو ناحەز و دوژمنانە هەڵوەستە بکەین کە وەك پســـپۆری سیاســـەت و لەســـەر بنەمای زانستی سیاســـەت دژی ئەم بڕیارە رادەوەستنەوە، لێرەدا گرنگە ئاماژە بە ئەکادیمیستیەکی بەکرێگیراوی یەکێك لە دەوڵەتانی دراوســـێ بکەین کە تۆژەرە لەســـەر پرسی کورد لە ئامۆژگای ئەمریـــکان ئەنتەر پرایس کە ناوی مایکل رۆبنە، ئەم ئەکادیمستە بەکرێگیراوە کە حکومەتی ئەمریکا لەسەر پرســـی کورد و ناوچەکە پێشتر زۆر جار راوێـــژی پێکردووە و بانگهێشـــتی کۆنگرێـــس کراوە بۆ ئەوەی گویێ لە بۆچوونەکانی بگیرێت، لەساڵی ٢٠٠٧ و لەبەردەم کونگرێس ئەمە لەســـەر سەرۆك مسعود بارزانی دەڵێت و دەپرسێت: (ئایا ئێوە ئەوە دەزانن مسعود بارزانی ئێستا ئاڵای کۆماری کوردستانی لە هەرێمی کوردستان بەفەرمی هەڵکردووە؟ ئایـــا دەزانن ئەو ئاڵایە هێمایە بۆ هەموو کوردســـتان و کوردی هەر چوار پارچە ئەو ئاڵایە بە هێمای نەتەوەیی خۆیان دەزانن؟ ئایا دەزانن ئێســـتا لە راگەیاندنەکانی هەرێمەکەی بارزانیدا بە کوردستانی عێراق دەوترێت باشوری کوردستان، ئەمەش مانای ئەوەیە بەشێکی تورکیا باکوری کوردستانە و بەشێکی ئیرانیش رۆژهەڵاتی کوردستانە و بەشـــێکی ســـوریا رۆژئاوای کوردستانە، ئەمەش مانای ئەوەیە نەخشـــەی هەمـــوو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگۆڕێت؟ ئایا دەزانن ئێستا لە چاپخانەکانی کوردســـتان نەخشەی کوردستانی گەورە چاپ دەکرێت و بە ئاشـــکرا دەفرۆشرێت؟)، ئەم ئەکادیمیستە بەکرێگیراوە لەناو راگەیاندنی کوردســـتان نەناسراو نییە، لەبەر ئەوەی دوای ئەوەی بۆی دەرکـــەوت گۆڕانکارییەکانی جیهان رێگە لەم بیرکردنەوەی بەڕێز مســـعود بارزانی ناگرن و دەوڵەتی کوردســـتان هەر دروســـت دەبێت، بۆیە لەساڵی ٢٠٠٨ـەوە کەوتۆتە شـــێوازێکی دیکەی دژایەتی پرۆژە نەتەوەییەکەی سەرۆك بارزانی و وتارەکانی لەبری ئەوەی بۆ کۆنگرێس بەرز بکاتەوە، ئاراســـتەی شەقامی کوردی دەکات و خۆی تێکەڵاوی سیاسەتی ناوخۆیی کوردستان کردووە و هەندێك لە راگەیاندکارەکانی کوردستانیش کە بە حساب خۆیان بە ئۆپۆزسیۆن دەزانن و بەردەوام خزمەتێکی بەلاش پێشکەشـــی ئەم بەکرێگیراوە دەکـــەن و نەك هەر وتارەکانی وەردەگێڕنە سەر زمانی کوردی بۆ راگەیاندنە

**یەکەم ئەزموونی دروستکردنی دەوڵەت لەدوای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد، ئەزموونی هەرێمی کوردستان لە ژێر سایەی حکومڕانی سەرۆک مسعود بارزانیدا بوو**



■ سەرۆک بارزانی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی سوێد

لۆکاڵەکانی کوردستان، بەڵکو بۆی دەکەن بەکوردی ئەویش لە ویبسایتی ئامۆژگاکەی بە کوردی بڵاوی دەکاتەوە، تەنها ئەو وتارانەشی کراون بەکوردی کە دژی پرۆسە نەتەوەییەکەی سەرۆك بارزانی نووسراون.

هێنانەوەی ئەم نموونەیە لەدوولاوە سوودی هەیە، یەکەمیان ئەوەیە کە مایکل رۆبن زۆر بەجوانی و لەرووی ئەکادیمیەوە بە کۆنگرێسی راگەیاندووە بەوەی بەڕێز مسعود بارزانی هەنگاوی یەکەمی بۆ هەڵوەشانەوەی سایکس بیکۆ دەست پێکردووە، لایەنی دووەمیان ئەوەمان پیشاندەدات چۆن ناحەزان و دوژمنانی نەتەوەکەمان دژ بەم پرۆسە نەتەوەییەی سەرۆك بارزانین و چۆن هەندێك لە حزبە سیاسییەکانیش کە بەحساب خۆیان بە ئۆپۆزسیۆن دەزانن، چۆن بەبێ بیرکردنەوە کەوتوونەتە سەنگەری دژ بە پرۆسەی نەتەوەیی نەتەوەکەی خۆیانەوە و بازاڕ گەرمی بۆ پیلانێك دەکەن کە ناحەزان و دوژمنانی نەتەوەکەمان دژی پرۆژەی نەتەوەییمان دایدەڕێژن.

**دروستکردنی دەوڵەتێك**
**نەك بونیادنانەوەی دەوڵەت**

پرۆفیسۆر ئەنتۆنی داماتۆ کە ئوستادی یاسای نێودەوڵەتیە لەزانکۆی شیکاگۆ و هەروەها راوێژکاری یاسایی دەوڵەتی کۆسۆڤۆ بووە، لە ئابی ٢٠٠٨ لەو کاتەی حکومەتی عێراق و حکومەتی ئەمریکا باسی خشتەیەکی زەمەنیان دەکرد بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، بە ناونیشانی پرسیارێك (ئایا کورد لەبیر دەکەن؟ ) وتارێکی بڵاوکردەوە و تیایدا روو لە ئیدارەی ئەمریکا دەکات و پێیان دەڵێت، ئایا دەتانەوێت لە عێراق بکشێنەوە و کوردستان نەبێتە دەوڵەت؟ ئایا دەزانن ئەگەر ئەمە بکەن چ کارێکی نائەخلاقی تۆمار دەکەن؟ لەبەر ئەوەی دۆماتۆ پێشبینی ئەوەی کردبوو دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، عێراق ئارام نابێت و هەڕەشەش لەسەر هەرێمی کوردستان دروست دەبێت، دوای بڵاوبوونەوەی ئەم وتارە وەك گۆڤاری گوڵان پەیوەندیمان پێوەکرد و لێمان پرسی: (ئەوا ئەمریکا ئەم کارە ناکات ئایا خۆمان چی بکەین؟ ) ئەو لەوەڵامدا پێی گوتین (خۆتان هەوڵبدەن لەرووی یاساییەوە دەوڵەتی خۆتان دروست بکەن، ئەگەر توانیتان ئەمە بکەن، جیهان رێز لە ئیرادەتان دەگرێت و دەبنە خاوەنی سەروەریی ).

ئەوانەی بایەخ بەپرسی دەوڵەت دەدەن، ئاگادارن لەوەی دروستکردنی دەوڵەت چەند کارێکی زەحمەتە، ئەمە نەك لەبەر ئەوەی دروستکردنی دامەزراوەی دەوڵەتی قورسە، بەڵکو لەبەر ئەوەی سیاسەتی نێودەوڵەتی دروستکردنی دەوڵەتی تازەی لە هەندێك حاڵەتی تایبەتی نەبێت پێ قبوڵ ناکرێت، لەمەش قورستر ئەوەیە کاتێك دەوڵەتێکی تازە دروست دەکرێت، ئەرکێکی قورس دەکەوێتە سەر شانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەتا ئەم دەوڵەتە لەرووی یاساییەوە دەبێتە دەوڵەتێکی تەواو و ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆیە ئەگەر لەم رووەوە سەیری هەندێك لەو دەوڵەتە تازانە بکەین کە لە بناخەوە دروستکراون، ئەوا دەکرێت ئاماژە بە دەوڵەتی (تیموری رۆژهەڵات و کۆسۆڤۆ بکەین)، کە یەکەمیان بەپێی رێککەوتن بووە لەگەڵ پورتوگال و کۆلۆنیالیەکی پرتوگالی بووە لە رۆژهەڵاتی ئاسیا، دوای ئەوەی ماوەی کۆلۆنیالیەکەی تەواو بوو بووە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بەڵام ئەم دەوڵەتەش ماوەیەك لە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان بووە، دەوڵەتی کۆسۆڤۆش وەك لای

**لی کوان یو، وانەیەکی تازەی لە دەوڵەتمەداری فێری جیهان کردووە، ئەم دیاردەیە ئەگەر لە سەدەی بیست تایبەت بێت بە لی کوانی یو، ئەوا لەسەدەی بیست و یەکەم جیهان دەیەوێت گوێی لە بەڕێز مسعود بارزانی بێت بۆ ئەوەی وەڵامیان بداتەوە**



■ سەرۆک بارزانی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی تورکیا

هەموولایەك ئاشكرایە ماوەیەك زۆر لە ژێر چاودێری نەتەوە یەكگرتووەكان بوو هەتا هەڵبژاردن ئەنجامدرا.

كەواتە ئەمە پێمان دەڵێت دروستكردنی دەوڵەت، بونیادنانی دەوڵەت نییە، لەبەر ئەوەی كاتێك دەوڵەت بونیاد دەنرێتەوە، ئەوا لەبنەڕەتدا دەوڵەت بوونی هەیە، بەڵام ئەو دەوڵەتە دەوڵەتی دامەزراوەیی و دیموكراتی نییە، بۆیە مانای بونیادنانی دەوڵەت، واتە بونیادنانەوەی دامەزراوەكان، بۆیە ئەگەر پرۆسەی بونیادنەوە سەركەتووش نەبێت، ئەوا دەوڵەتەكە هەر دەمێنێت، لەلایەكی دیكەش لەبەر ئەوەی لە سیاسەتی نێودەوڵەتی لەدوای دروستبوونی نەتەوەیەكگرتووەكان لە پاش جەنگی دووەمی جیهانی، دروستكردنی دەوڵەت بە جۆرێك لە تابوو سەیركراوە، ئەوا چەمكی دروستكردنی دەوڵەتیش لە ئەدەبیاتی زانستی سیاسەت چەمكێكی باو نەبووە و تەنها ئەو ئەكادیمیستانەی زانستی سیاسەت بایەخیان پێداوە كە لەپرۆسەی دروستكردنی دەوڵەتدا وەك راوێژكار كاریان پێكراوە، هەر بۆیە پرۆسەی دروستكردنی دەوڵەت هەتا ئێستاش پرۆسەی رووبەڕووبوونەوەی نەتەوەیە لەگەڵ قەدەرێكی تراژیدی، بەمانایەكی دیكە شكست هێنان لە پرۆسەی دروستكردنی دەوڵەتدا، واتە نەتەوەیەك لە دارشتنی ناسنامەی خۆی شكستی هێناوە و لەجیهاندا بێ ناسنامە دەبێت، سەركەوتنیشی ئیتر ئەوە نەتەوەیەك دەبێتە خاوەنی ناسنامە، هیگل گووتەنی دەوڵەت خوڵقێنەری هێزی نەتەوەیە لەسەر زەوی، هەر نەتەوەیەك دەوڵەتی نەبێت، وەك نەتەوە لەسەر نەخشەی سیاسیی جیهانیش بوونی نییە.

ئەگەر لەم چوارچێوە ئاڵۆزەدا سەیری هەرێمی كوردستان بكەین و بگەڕێینەوە بۆ ئەو ساتەی لە بەهاری ١٩٩١ راپەڕینی كرد، ئاشكرایە كوردستان خاكێكی سوتماك بوو، وڵاتێكی پشتگوێ خرابوو، تەنها وڵاتی دوای شەڕ نەبوو، بێجگە لەناوەندی سێ شارە گەورەكەی (سلێمانی و هەولێر و دهۆك) لەدوای ئەو شەقامەی لە سلێمانی پێی دەگوترێت ٦٠ مەتری و لەهەولێر پێی دەگوترا ١٠٠ مەتری، ئیدی ئەوە هەمووی ناوچەی قەدەغەكراو بووە، ئەمە بەراشكاوی لە كۆڕەوی نیسانی ١٩٩١ بینیمان كە چۆن بە هەزارەها كەس بوونە قوربانی لەبەر ئەوەی هەتا سنور هیچ ئاوەدانیەك نەبووە، ئەمە وایكرد كە جیمس بیكەری وەزیری دەرەوەی ئەوكاتی ئەمریكا خۆی سەردانی ئاوارەكان بكات، ئەمە وایكرد فەرەنسا پێشنیاری ناوچەی دژەفڕین لەرووی مرۆییەوە بكات بۆ ئەوەی كارەساتێكی مرۆڤایەتی روونەدات.

لەسەر ئەم ژێرخانە وێرانە و لەبەرامبەر ئەو كارەساتە گەورەیەی بەسەر كورد هاتبوو، پرسیار ئەوەیە ئایا بەڕێز مسعود بارزانی كە ئەوكات سەرۆكی بەرەی كوردستانی بوو چۆن بیری لە ئایندەی كوردستان دەكردەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە وتارەكەی بەڕێزیان دەیداتەوە كە لەشاری كۆیە پێشكەشی جەماوەری راپەڕیووی كردو پێی گووتن: (دەبێت دەسەڵات بگەرێتەوە بۆ گەل و گەل سەرچاوەی دەسەڵات بێت و هەڵبژاردن بكرێت و دەوڵەتی قانوون دابمەزرێنین).

بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە كاتێك بەڕێز مسعود بارزانی ئەم پەیامەی بە گەلی كوردستاندا، ئایا پێشتر ئەزموونێكی لەو شێوەیە لە جیهاندا هەبووە؟ بێگومان مێژووی سیاسەتی هاوچەرخ پێمان دەڵێت دابینكردنی

**پەرلەمانتاری سکۆتلەندی لە پەرلەمانی ئەوروپا ستۆران ستیفنسۆن چەند جارێک ئەوەی دووپاتکردۆتەوە، جیاوازی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق، تەنها مسعود بارزانیە**



■ سەرۆك بارزانی و جۆن مەككین

**مایكل نایت لە كاتی سەردانەكەی بۆ كوردستان پێی ڕاگەیاندین، ئامانج لەو ڕاپۆرتە ئەوەیە كە ئەزموونی حكومڕانی كوردستان بكرێتە نموونەیەك و ناوەندە ئەكادیمیەكان وەك ئەزموونێكی سەركەوتوو لە جیهاندا سەیری بكەن و بۆ پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەت لە ناوچەكانی دیكەی جیهان سوودی لێوەربگرن**

ناوچەی ئارام یان دژە فڕین لەدوای جەنگی دووەمی جیهانیەوە بۆ یەكەمجار بۆ كوردستان دابینكرا، ناوچەی دژە فڕینیش یان ناوچەی ئارام بڕیارێكی سیاسیی سەركردایەتی سیاسیی كورد نەبوو بۆ سەربەخۆیی كوردستان یان بڕیارێكی سیاسیی نێودەوڵەتی نەبوو بۆ ئەوەی دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ كورد دروست بكەن، بەڵكو بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی كە ناوچەی ئارامی دروستكرد بڕیارێكی مرۆیی بوو تەنها بۆ ئەوەبوو كە نەتەوەیەك لە كارەساتێكی گەورەی مرۆیی بپارێزێت.

بۆیە ئەگەر لەم ڕاستەوە سەیری بكەین، كاتێك بەڕێز مسعود بارزانی بڕیاریدا لەسەر ئەم ناوچە ئارامە دەوڵەتی قانوون بونیاد بنێ، هیچ ئەزموونێكی جیهانی لەبەر دەست نەبووە بۆ ئەوەی لاسایی بكرێتەوە، هێشتا یەكێتی سۆڤیەت لەبەر یەك هەڵنەوەشابوو (یەكێتی سۆڤیەت لە كۆتایی ١٩٩١ لەبەر یەكهەڵوەشا)، هەتا بڵێین كاریگەری دەوڵەتە تازەكانی دوای یەكێتی سۆڤیەتی پێشان بووە، بەڵكو ئەوە بیركردنەوەی مسعود بارزانی بوو كە دەیویست ئەو نەتەوەیەی كارەساتی ژینۆسایدی ئەنفال و كیمیابارانی بەسەردا هاتبوو ببێتە خاوەنی ناسنامەی نیشتمانی خۆی، ئەمەشی لەسەر خاكێكی سوتماكراو دەستی پێكرد، كە هیچ شتێك بوونی نەبووە، تەنانەت ساڵانێكی دوور و درێژ بوو حكومەتی ناوەندی بەغدا كوردستانی عێراقی پشتگوێ خستبوو و هیچ ژێرخانێكی ئابووری لە كوردستاندا بوونی نەبوو، ئەو ژێرخانە كشتوكاڵیەشی لە گوندەكان هەبوو هەمووی كاولكردبوو.

كەواتە یەكەم ئەزموونی دروستكردنی دەوڵەت لەدوای كۆتایی هاتنی شەڕی سارد، ئەزموونی هەرێمی كوردستان لە ژێر سایەی حكومڕانی سەرۆك مسعود بارزانیدا بوو، سەركەوتنی ئەم ئەزموونەش لەو لایەنەدایە كە ئامۆژگایەكی وەك ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیك ساڵی پار تیمێكی دیاری كردبوو بۆ ئەوەی بێن سەردانی كوردستان بكەن و ڕاپۆرتێك ئامادە بكەن بە ناونیشانی (كوردستان ٢٥ ساڵ دوای ژینۆسایدی ئەنفال)، ئەم ڕاپۆرتە وەك پرۆفیسۆر مایكل نایت لە كاتی سەردانەكەی بۆ كوردستان پێی ڕاگەیاندین، ئامانج لەو ڕاپۆرتە ئەوەیە كە ئەزموونی حكومڕانی كوردستان بكرێتە نموونەیەك و ناوەندە ئەكادیمیەكان وەك ئەزموونێكی سەركەوتوو لە جیهاندا سەیری بكەن و بۆ پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەت لە ناوچەكانی دیكەی جیهان سوودی لێوەربگرن.

## چیرۆكی سەركەوتنی حكومڕانی كوردستان پیشاندانی لۆژیكی بارزانی یە

بەهۆی سەركەوتنی دەوڵەتی سەنگافورا لە پرۆسەی بونیادنانەوە و پرۆسەی پەرەپێداندا، ئێستا لی كوان یو سەرۆكی پێشووی ئەو وڵاتە بچووكە و ژمارەی دانیشتووانی ئێستاش لە ٥ ملیۆن كەس تێپەڕ ناكات، وەك ئەو سەرۆكە سەیر دەكرێت كە ئەزموونەكەی هەموو جیهان سوودی لێوەربگرێت، ئێستا لە ناوەندەكانی جیهان ئەو پرسیارەی لێدەكرێت، ئەگەر لی كوان یو سەرۆكی عەرەبستانی سعودیە یان هیندستان یان كۆماری چینی میللی بوایە چۆن حكومڕانی دەكرد، لەمەش گرنگتر لە كتێبی (چیرۆكی سەركەوتنی سەنگافورا، سەنگافورە لە




■ سەرۆکی هەرێم لەگەڵ وەزیری دەرەوەی فەرەنسا

ســێیەمەوە بۆ یەکەم)، هلمۆت کۆل راوێژکاری پێشووی ئەڵمانیا و بسمارکی دووەم بەو سیفەتەی دووبارە هەردوو ئەڵمانیای یەکگرتەوە، نووســیوویەتی، دەبێت هەموومان چیرۆکی ســەرکەوتنی ســەنگافورا بخوێنینەوە، لەبەر ئەوەی لی کوان یــو، وانەیەکی تازەی لە دەوڵەتمەداری فێــری جیهان کردووە، ئەم دیاردەیە ئەگەر لە ســەدەی بیســت تایبەت بێت بە لی کوانی یو، ئەوا لەســەدەی بیســت و یەکەم جیهان دەیەوێت گوێی لە بەڕێز مسعود بارزانی بێت بۆ ئەوەی وەڵامیان بداتەوە، ئەمەشــی کە دەیڵێین قســەیەك نییە بۆ پیا هەڵدان بێت، بەڵکو ئەمە ئەو واقیعەیە کە ســەرۆك بارزانی لەســەردانەکانیدا بۆ وڵاتانی جیهان پرســیاری ئاڕاســتە دەکرێــت، هەر بۆ نموونە لە ســەردانی ساڵی ٢٠١٠ی بۆ ئەمریکا، مارتن ئەندێك کە بەیەکێك لە دیپلۆماتە گەورەکانی ئەمریکا لە قەڵەم دەدرێت و چەندین ســاڵ باڵیۆزی ئەمریکا بووە لە ئیسرائیل و چەندین جاریش یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکابــووە، لــەو کۆڕەی ئامۆژگای بــە ناوبانگی برۆکینگز بۆ بەڕێزی رێکخســتبوو، پرســیاری لەبەڕێز مســعود بارزانی کــرد و پێی گــووت: بەڕێز جەنابی ســەرۆك بارزانی ئێوە پەیوەندیەکی هاوسەنگتان لەگەڵ کۆماری ئیســلامی ئێران دروستکردووە، دەکرێت فێرمان بکەیت چۆن ئەو پەیوەندیەت دروســت کردووە؟، هەر لەو کۆڕەی برۆکینگز پرۆ فیسۆر کینس پۆلاك کاتێك سەرۆك بارزانی بە ئامادەبووان ناســاند وتی: (مسعود بارزانی پێشــمەرگەیە، زەحمەتە بتوانم وەسفی ئەو پێشمەرگەیە بکەم بۆ خەڵکانێك کە نایناسن، بۆیە دەڵێم مسعود بارزانی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاســت، وەك پاریس وایە بۆ فەرەنسا، هەموو رێگەکان دەچنەوە لای ئــەو)، لەمەش گرنگتر لەسەر ئاستی یەکێتی ئەوروپا پەرلەمانتاری سکۆتلەندی لە پەرلەمانی ئەوروپا ســتۆران ستیفنسۆن چەند جارێك ئەوەی دووپاتکردۆتەوە، جیاوازی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق، تەنها مســعود بارزانیــە، ئەمە مانای ئەوەیە ئەگەر مسعود بارزانی ســەرۆکی هەڵبژێردراوی عێراق بوایە، ئێســتا عێراقیش وەك هەرێمی کوردســتان دەبوو، ئەمجارەش لە پەنێڵەکانــی کۆڕبەندی ئابووری داڤۆس ئەو پرسیارانەی ئاراستەی ســەرۆك بارزانی دەکرا، ئەو پرسیارانە بوو کە چۆن سەرۆك بارزانی دەتوانێت بەرامبەر کێشــەیەکی گەورەی وەك ســوریا، هەرێمی کوردستان هەڵوێســتی بەرامبەر ســوریا لە هەڵوێستی حکومەتی عێراق جیاوازە و هەتا ئێستاش هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق، لەمەش گرنگتر سەرۆك بارزانی لە کۆڕەکەیدا لەناو پەرلەمانی ئەورووپاش دیسان پەرلەمانتارانی یەکێتی ئەورووپا زۆر بە بایەخەوە پرســیاریان ئاڕاســتە دەکرد و، وەك پەرلەمانتارانی ناو کۆڕەکەش بە گوڵانیان راگەیاند ئەوان لە بایەخی ئێستای هەرێمی کوردستان بۆ تەواوی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێدەگەن.


**لەو کۆڕەی برۆکینگز پرۆفیسۆر کینس پۆلاک کاتێک سەرۆک بارزانی بە ئامادەبووان ناساند وتی: (مسعود بارزانی پێشمەرگەیە، زەحمەتە بتوانم وەسفی ئەو پێشمەرگەیە بکەم بۆ خەڵکانێک کە نایناسن، بۆیە دەڵێم مسعود بارزانی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەک پاریس وایە بۆ فەرەنسا**

لە کۆبەندی ئەم باسەدا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی راستە ئەو هەرێمەی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکایەتی دەکات، تەنها هەرێمێکی فیدراڵی بچووکە و هێشــتا دەوڵەتێکی خاوەن ســەروەریی نییە بەو مانایــەی کە ئەندام بێت لە نەتەوە یەکگرتووەکان، شــکۆ و پێگەی سەرۆك بارزانی ئەم هەرێمەی گەیاندۆتە ئەو ئاستەی کە وەك سەرۆکی دەوڵەت پێشوازی لیَ بکرێت و کاتێك قسە دەکات هەموو جیهان بە بایەخەوە گوێی لیَ بگرێت.



ئەنا گۆمێز ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپا بۆ گوڵان:

# گرنگی پەیامەکەی بارزانی ئەوەبوو کە داوای هاوکاری لە یەکێتی ئەوروپا کرد بۆ بنیاتنانی دامەزراوەی حکومڕانی



خاتوو ئەنا گۆمێز ئەندامی پەرلەمانی ئەورووپایە و نوێنەری وڵاتی پورتوگالە لەو پەرلەمانە، هەروەها ئەندامی شاندی پەرلەمانی ئەورووپایە بۆ عێراق و چەندین جار سەردانی عێراق و هەرێمی کوردستانی کردووە، هەفتەی رابردوو کاتێك بەرێز مسعود بارزانی سەردانی پەرلەمانی ئەورووپای کرد و لەوێ وتارێکی پێشکەش کرد، خاتوو ئەنا گۆمێز ئامادەی ئەو کۆڕە بوو، هەربۆیە دوای تەواوبوونی کۆڕەکە پەیوەندیمان پێوەکرد و سەبارەت بە بایەخی سەردانەکە و پەیامەکەی سەرۆك بارزانی و هەڵوێستی یەکێتی ئەورووپا بەرامبەر هەرێمی کوردستان، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ ئەنجامدا و خاتوو ئەنا گۆمێز بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.

*** بەرێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە میانەی سەردانەکەی بۆ ئەورووپا سەردانی پەرلەمانی ئەورووپای کرد، ئایا بەرێزت وەك پەرلەمانتارێکی یەکێتی ئەورووپا چۆن لە پەیامی ئەم سەردانەی بارزانی دەڕوانی؟**

- ئاشکرایە بارزانی ویستی بارودۆخی هەرێمی کوردستان بخاتە بەرچاو، ئەو ویستی کاریگەری قەیرانی سووریا لەسەر هەلومەرجی عێراق و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی بخاتەڕوو، ئەو ویستی روونی بکاتەوە کە نابێت سەربەخۆبوونی کوردستان لە دەرەوەی ئەگەرەکان بێت، بەڵام ئەوە تەنها بە رێگای ئاشتیانە دێتەدی، ئەوەش بە مانای ئەنجامدانی گفتوگۆ دێت لەگەڵ هەموو لایەنەکانی ناوچەکە. روونە ئەوەش رێگایەکە بۆ ئەوەی ئەورووپییەکان گرنگی هەرێمی کوردستان لەبەرچاو بگرن، نەك هەر بۆ ئایندەی عێراق، وەك بەشێك لە عێراق، بەڵکو بۆ ئەو هەڕەشە و مەترسییە زۆرانەی حاڵی حازر عێراق رووبەڕووی دەبێتەوە و ئەو ویستی ئەوە پیشان بدات کە هەموو بژاردەکان کراوەن.

**بارزانی پێی گووتین نابێت چیتر سەربەخۆبوونی کوردستان لەدەرەوەی ئەگەرەکان بێت**

*** سەرۆك بارزانی لەناو پەرلەمانی ئەورووپادا وتارێکی پێشکەش کرد، لە وتارەکەیدا داوای کرد هاوکاری زیاتر بکرێت لەلایەن یەکێتی ئەورووپاوە. تا چ رادەیەك یەکێتی ئەورووپا دەتوانێت هاوکاری هەرێمی کوردستان بکات؟**

- پێموایە ئەمە مەسەلەیەکی گرنگ بوو کە سەرۆك بارزانی لە پەیامەکەیدا لە پەرلەمانی ئەورووپادا هێنایە پێشەوە، کە داوای هاوکاری زیاتری لە یەکێتی ئەورووپا کرد بۆ بنیاتنانی دامەزراوەی حکومڕانی و دامەزراوەکانی هێنانەدی سەروەری یاسا لە هەرێمەکە، کە بە دڵنیاییەوە ئەوە کاریگەری لەسەرتاسەری عێراق و دوورتریش لە عێراق دەبێت. منیش بە تەواوەتی پشتگیری ئەمە دەکەم، پێموایە چەندین بوار هەن بۆ هاوکاری کردنی یەکتری، کە بەرژەوەندی هاوبەشن، نەك تەنها لە بواری ئابووریدا، بەڵکو لە بواری سیاسی و هەروەها سەروەری یاسا و رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ. کاتێك یەکەمجار سەردانی هەولێر و سلێمانیم کرد، زۆرێك لەو کەسانەی لە بواری کۆمەڵگەی مەدەنیدا لە هەرێمی کوردستان کاریان دەکرد، جەختیان لە کێشەی کوشتن لەسەر شەرەف دەکردەوە کە کاریگەری لەسەر هەموو کەسێك دەبێت، بەڵام پێش هەموو کەس ئافرەت- وەك قوربانی-ئەم ناهۆشیاریە هەبوو، بەڵام بە داخەوە پێشکەوتنێکی زۆر روونەداوە لە بەگژداچوونەوەی ئەم نەریتە تەقلیدیە کە زۆر باوکسالاریە و جۆرێك لە حەسانە هەیە، ئەمە بوارێکە کە دەکرێت هاوکارییەکی زۆر لە نێوان یەکێتی ئەورووپا و دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان (KRG) و کۆمەڵگەکەی بکرێت بۆ هێنانەدی گۆڕانکاری گرنگ، کە ئەم گۆڕانکارییەش کاریگەری نەك هەر لەسەر کوردەکانی هەرێمی کوردستان دەبێت، بەڵکو

**بارزانی لەمیانەی سەردانەکەی بۆ ئەورووپا ویستی بارودۆخی هەرێمی کوردستان بخاتە بەرچاو و کاریگەری قەیرانی سووریای لەسەر هەلومەرجی عێراق و بەتایبەتی هەرێمی کوردستانی خستەڕوو**

**بەداخەوە پێشکەوتنێکی زۆر لەبەگژداچوونەوەی نەریتی کوشتن لەسەر شەرەف لەهەرێمی کوردستان رووی نەداوە کە کاریگەریی لەسەر هەموو کەسێک هەیە، پێش هەموو کەس —ئافرەت- وەک قوربانی ئەم ناهۆشیارییە**

**گۆڕانکاریی لەبواری ئەو نەریتە تەقلیدییانەی کە زۆر باوکسالارییە لەهەرێمی کوردستان کاریگەریی لەسەر عێراق و ناوچەکەش دەبێت**

**هەرێمی کوردستان بەرەوتێکی خێرا لەهەموو بوارەکان گەشەی کردووە، هەربۆیە هەڵوێستێکی بێ مانایە بەوەی دوودڵیمان هەبێت لەوەی لەهەندێک سیاق مامەڵەی لەگەڵ بکەین**

کاریگەری لەسەرتاسەری عێراق و ناوچەکەشدا دەبێت. ئەمە نموونەیەکی زۆر باشە، چونکە هۆشیاریەك هەیە بە بوونی ئەم کێشەیە و بە پێویستی چارەسەرکردنی.

*** پەرلەمانی ئەوروپا گرنگی بە بارودخۆی عێراق دەدات، لەم رووەوە شاندێکی تایبەتیان هەیە بۆ عێراق بۆ ئەوەی لە نزیکەوە چاودێری گۆڕانکاریەکان لە عێراقدا بکات. تا چ رادەیەك عێراق گرنگە بۆ سیاسەتەکانی یەکێتی ئەوروپا لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟**

- پێموایە بە راستی عێراق زۆر گرنگە بۆ ئەوروپا و پێویستە ئەوروپا لە روانگەیەکی ستراتیجیەوە لە عێراق بڕوانێت، بەڵام پێموایە هێشتا یەکێتی ئەوروپا لە زۆر رووەوە دابەشبوونی تێدایە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی داگیرکردنی عێراق لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە، من لە راپۆرتەکەمدا لە ساڵی ٢٠٠٨، هەوڵمدا جیاوازیەکانی رابردو لە رابردودا جێبهێڵین و لە ئێستا و ئاینده بڕوانین و هەوڵبدەین لە گرنگی گەورە و گرنگی ستراتیجی عێراق تێبگەین و من تێڕوانینم وابوو کە یەکێتی ئەوروپا هەموو کارێك بکات بۆ ئەوەی عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، بەڵام وەك دەوڵەتێکی دیموکراسی و واقیعی فیدراڵی تێدا بەرجەستە بێت، واقیعی هەرێمی کوردستان کە خاوەنی خۆبەڕێوەبەری (ئۆتۆنۆمی) بێت، بەڵام ئاستێکی باڵای رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و سەروەری یاسا هەبێت لە سەرتاسەری عێراقدا، لە نێویاندا هەرێمی کوردستان. بە داخەوە پەرەسەندنەکانی ناوچەکە، بە تایبەتی شەڕی سوریا، دەرفەتی دابەشبوونی تائیفی و هەڵکشانی تائیفی زیاتری خولڤاندووە لە عێراقدا.

*** کاتێك باسی عێراق دەکەین راستەوخۆ ناسەقامگیری و توندوتیژی بەخەیاڵماندا دێت، بەڵام لەم بارودۆخەدا هەرێمێکی دیموکرات و پێشکەتوو هەیە کە هەرێمی کوردستانە، ئایا چۆن یەکێتی ئەوروپا لە هەرێمی کوردستان دەڕوانێت و تا چ رادەیەك یەکێتی ئەوروپا گرنگی بە بوونی ئەم هەرێمە دیموکراتیە لە عێراقدا دەدات؟**

- تێگەیشتنێك هەیە کە هەرێمی کوردستان زیاتر گەشەکردوتر و کراوەترە لە عێراقدا. ئەمەش دەرئەنجامی ئەو راستیەیە کە لە رۆژگاری سەرکوتکاری سەددام حوسێندا بووە ناوچەی دژە فڕین، کە ئەگەری گەشەگردن هاتەئاراوە، لەبەر ئەوەی دوای رووخانی رژێمەکەی سەددام توانیویەتی بە رەوتێکی خێرا لە هەموو بوارەکاندا گەشە بکات... پێموایە لە هەندێ سیاقدا ئێمە دوودڵیمان هەبووە لەوەی مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بکەین، ئەویش لە ترسی لاوازکردن یان بێزارکردنی دەسەڵاتی فیدراڵی، کە پێموایە ئەمە هەڵوێستێکی بێمانایە، چونکە من لە راستیدا باوەڕم وایە یەکێتی ئەوروپا دەتوانێت رۆڵێکی زۆر گرنگ ببینێت لە پاراستنی یەکێتی عێراقدا و من پێموانیە پێویست بەهیچ دوودڵیەك بکات لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، ئەوەش راستە کە ئێمە دەتوانین لەڕێی ئەم مامەڵەیەوە چەندین کێشە چارەسەر بکەین، نەك تەنها لە پەیوەندیدا بە گەشەکردنی ئابووریەوە، یان کێشەی سیاسی و ئەمنیەوە، بەڵکو لە پەیوەندیدا بە پرسی مافەکانی مرۆڤ و سەروەری یاساوە. لە موناقەشەکەمدا لەگەڵ سەرۆك بارزانی توانیم باس لەو نیگەرانیانە بکەم کە لەلایەن زۆرێك لە هاووڵاتیە عێراقیەکانەوە سەرنجی منیان بۆ راکێشراوە، وەك کێشەی گەندەڵی کە سەردەکێشێت بۆ چەندین کێشەی دیکە، وەك پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ... کەواتە دەبێت ئەم کێشانە موناقەشە بکرێن لە نێوان یەکێتی ئەوروپا و دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستاندا (KRG) و دەسەڵاتەکانی حکومەتی عێراقی، بەڵام بە دڵنیاییەوە هەرێمی کوردستان(KRG) لایەنی پەیوەندیدارە، کەواتە دەبێت ئەو پرسانە گفتوگۆیان لەسەر بکرێت لە پەیوەندیەکانی یەکێتی ئەوروپا و هەرێمی کوردستان(KRG) و هەروەها دەسەڵاتە فیدراڵیەکانی حکومەتی عێراقیش، بەڵام پێموایە لەم ساتەوەختەدا هەرێمی کوردستان (KRG)زیاتر لە هەر دەسەڵاتێکی دیکە لە عێراقدا توانیویەتی کۆنترۆڵی هەرێمەکەی خۆی بکات.

*** لە ئێستادا کونسوڵگەری زۆرێك لە وڵاتان لە کوردستاندا کراونەتەوە. بەڵام نووسینگەی یەکێتی ئەوروپا نەکراوەتەوە. بۆچی تا ئێستا ئەم نووسینگەیە نەکراوەتەوە؟ ئایا کردنەوەی ئەم نووسینگەیە نابێتەهۆی خزمەتکردن بە بەرژەوەندیە هاوبەشەکانی کوردستان و یەکێتی ئەوروپا؟**

- بە شێوەیەکی ئاسایی شاندەکانی یەکێتی ئەوروپا لە پایتەختەکاندا دەبن، کەواتە هەروەك پێویستە ئێمە شاندی یەکێتی ئەوروپامان لە بەغدا هەیە. بەڵام مەودای جوڵەیان سنوردارە، ئەمەش جێی داخە و من ئومێد دەکەم ئەندامانی شاندنی یەکێتی ئەوروپا لە عێراق پتر ئامادەبوونێکی بەردەوامیان هەبێت لە هەموو بەشەکانی عێراق و بە تایبەتی هەرێمی کوردستان (KRG)و تەفاعولی زیاتریان هەبێت لەگەڵ دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستاندا. من دڵنیام ئێمە لە یەکێتی ئەوروپا پتر چالاك دەبین لە چارەسەرکردنی زۆرێك لە کێشەکان، و ئەو کێشەیەی سەرۆك بارزانی بیری ئێمەی خستەوە کە هەڵمەتی مەترسیداری ئەنفال و کیمیابارانە کە لەسەردەمی سەددامدا ئەنجامدراوە و چۆن ئەوروپا دەتوانێت هاوکاری چارەسەرکردنی ئەم کێشانە و کێشەی دیکە بێت کە تا ئێستاش کوردەکانی عێراق بە دەستیانەوە گرفتارن. سەردانی زیاتر و رێك و پێکتری ئەندامانی شاندی یەکێتی ئەوروپا لە عێراق بۆ هەرێمی کوردستان رێگەخۆش دەکات بۆ هاوکاری هاوبەش. پێموایە روونە کە پێویستە یەکێتی ئەوروپا مامەڵە لەگەڵ دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستاندا(KRG) بکات، و لە راستیدا ئەو دەرفەت و کێشانەی حاڵی حازر لە ناوچەکەدا

هەن وا دەکەن ئەو جۆرە هاوکاریە پتر پێویست بێت.

*** سەرەڕای ئەوەی کوردستان هەرێمێکی دیموکراتیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام خاوەنی سەرچاوەیەکی زەبەلاحی وزەشە و لە ئێستا بە پرۆسەی بنیاتنانەوەدا تێدەپەڕێت. یەکێتی ئەوروپا پێویستی بەسەرچاوەی وزە هەیە و هەرێمی کوردستانیش پێویستی بە کۆمپانیا و بزنسمانەکانی ئەوروپا هەیە بۆ ئەوەی وەبەرهێنان لە کوردستاندا بکەن. تا چ رادەیەك ئەم دۆخە بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوان هەردوولادا دروست دەکات؟**

- من هاوڕام لەگەڵتاندا کە ئەمە بوارێکی دیکەیە، کاتێك من باسی بەرژەوەندی ئابووریم کرد، ئەوا بە دڵنیاییەوە مەبەستم نەوت بوو کە بەرهەمێکە حاڵی حازر کوردەکان هەناردەی دەکەن، بەڵام نەك هەر تەنها نەوت، چونکە من دڵنیام چەندین ئەگەر لە پشت نەوتەوە هەن، هەروەها لە بواری نەوتیشدا دەکرێت کاری



زیاتر بکرێت، وەك هەناردەکردنی بە شێوەیەکی کارا، لە نێویاندا گرتنەبەری رێوشوێنێك کە ژینگە بپارێزرێت و زیانی پێنەگەیەنێت. کە دەکرێت ئەوە بە هاوکاری هاوبەشی نێوان دەسەڵاتە کوردیەکان و یەکێتی ئەوروپا بکرێت. هەروەها جۆراوجۆرکردنی سەرچاوە ئابووریەکان لە بوارەکانی دیکەدا، من توانایەکی گەورەی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستاندا دەبینم. کە دەبێت پشتیوانی ئەو هەوڵانە بکەیت، پشتیوانی پەرەپێدانی پەروەردە و بەرزرکردنەوەی ئاستی خەڵك و تاد بکەیت، بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان(KRG) تەنها پشت بە هەناردەکردنی نەوت نەبەستێت... من پێموایە پێویستە ئەوروپیەکان هەوڵەکانیان زیاتر یەکبخەن و هەماهەنگی بکەن... هەندێکیان هەوڵی هێنانەدی بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی خۆیان دەدەن، ئەمەش گرفتێکی تێدانییە، بەڵام پێموایە پێویستە پتر هەوڵەکان لە چوارچێوەی کۆششی یەکێتی ئەوروپادا یەکبخرێت و هەماهەنگ بکرێت و بگونجێنرێت، بۆ ئەوەی یەکێتی ئەوروپا بەشداری زیاتری هەبێت لە هەرێمی کوردستاندا.

*** هێشتا روون نییە ئایا عێراق بەرەو وڵاتێکی دیموکراتی هەنگاو دەنێت، یاخود بەرەو دیکتاتۆریەت. بەڵام لە ئێستادا دەبینین کە حکومەتی عێراق، لە دیکتاتۆریەت نزیك دەبێتەوە. تا چ رادەیەك یەکێتی ئەوروپا ئامادەیە پشتیوانی هەرێمی کوردستان بکات و رێگەنەدات بکەوێتە ژێر حکومڕانی دیکتاتۆرێکی نوێوە، ئەمە ئەگەر هاتوو حکومەتی عێراق هەنگاوی بەم ئاڕاستەیەدا هەڵگرت؟**

- هیوادارم دۆخەکە وانەبێت، بەڵام لە راستیدا چەندین چالاکی تائیفی و تیرۆریستی لە عێراقدا دەبینین کە مایەی نیگەرانین، ئەگەر ئەمە دۆخەکە بێت، ئەوا هیوادارم یەکێتی ئەوروپا پشتیوانی هەرێمی کوردستان بکات، هەروەها پشتیوانی بەشەکانی دیکەی عێراقیش بکات، چونکە لە راستیدا شەڕی ئێمە لەپێناو هێنانەدی واقیعێکی دیموکراسی و چوارچێوەیەکی دیموکراسیدایە، ئیتر لە هەرێمی کوردستاندا بێت، یان بەشەکانی دیکەی عێراق. ئێمە دەبێت پشتیوانی ئەوانە بکەین کە کار بۆ دیموکراسی و سەروەری یاسا و دادپەروەری لە مافەکانی مرۆڤ دەکەن. کەواتە دەبێت پشتیوانی ئەو کەسانە بکەین لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا (KRG) کە-هەروەك پێشبینی دەکەم- بەرهەڵستی هەر گەڕانەوەیەك بکەن بۆ دیکتاتۆریەت و سەرکوتکاری.

*** ئەگەر لەم بارودۆخەدا و لە ترسی گەڕانەوەی دیکتاتۆریەت لە عێراقدا کوردستان بڕیاری سەربەخۆییدا، ئایا تا چەند یەکێتی ئەوروپا رێز لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان دەگرێت و وەك دەوڵەتێکی نوێ مامەڵە لەگەڵ کوردستاندا دەکات؟**

- پێموانیە یەکێتی ئەوروپا بۆچوونێکی هەبێت لەو بارەیەوە، ئێمە پێشبینی ناکەین بۆ ئەوەی کە روودەدات، یەکێتی ئەوروپا کاردانەوەی دەبێت بۆ ئەوەی روودەدات...

**خستنەڕووی بارودۆخی هەرێمی کوردستان و هەلومەرجەکە رێگایەکە بۆ ئەوەی ئەوروپیەکان گرنگی هەرێمی کوردستان لەبەرچاو بگرن بۆ ئەو هەڕەشەو مەترسییە زۆرانەی کە عێراق رووبەڕووی دەبێتەوە**

**من دڵنیام ئێمە لەیەکێتی ئەوروپا پتر چالاک دەبین لەچارەسەرکردنی زۆرێک لەو کێشانەی کە سەرۆک بارزانی بیری ئێمەی خستەوە کە تائێستا کوردەکان بەدەستیەوە دەناڵێنن**